# پرۆسەی بەجێهێنان و گرفتەکانی لە دیدی خوێندکاری مامۆستاوە بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی بە نموونە

**کاروان جومعە ڕەحیم[1]**

[1] بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، شاری چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: karwan.raheem@charmouniversity.org

## پوختە

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ئەو گیروگرفتانەی، کە لە کاتی پرۆسەی بەجێهێنان (تطبیقات)دا ڕووبەڕووی خوێندکارانی دواقۆناغی بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی دەبنەوە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە خوێندکاری مامۆستا لەکاتی بەجێهێناندا چەندین کێشەی تووشدەبێت، هەربۆیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتەکانی بەجێهێنان ڕاپرسییەك دروستکراوە، کە لە ٢٠ برگەی پەیوەست بە ئەزموونی بەجێهێنانەوە پێکهاتووە. فۆرمەکە لەلایەن ٣٤ خوێندکاری مامۆستاوە وەڵامدراوەتەوە، هەروەها داتاکان شیکراونەتەوە. بەپێی شیکردنەوەی داتاکان، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە خوێندکاری مامۆستا لەکاتی پرۆسەی بەجێهێناندا لە خوێندگاکاندا چەند کێشەوگرفتێکیان تووش دەبێت، کە خۆیان دەبیننەوە لە کەمیی ماوەی پرۆسەی بەجێهێنان، بەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی کۆن لەلایەن مامۆستایانی بنەڕەتییەوە، نەبوونی کەرەستەی فێرکردنی پێویست و گونجاو، زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلێکدا، کەمی ژمارەی سەردانیکردنی مامۆستای هەڵسەنگێنەرو پشتگوێخستنی لایەنی پراکتیکی وانەی کوردی.

**وشە کلیلییەکان :** بەجێهێنان، خوێندکاری مامۆستا، وانەوتنەوە، گرفتی وانەوتنەوە، هەڵسەنگێنەر.

## الملخص

تعد الدراسة محاولة علمية لتحديد المشاكل التي تواجه طلبة المرحلة الأخيرة في قسم اللغة الكوردية في كلية التربية الأساسية بجامعة السليمانية أثناء التطبيقات. تفترض الدراسة أن المطبق يواجه عدة مشكلات أثناء تطبيقاته. تم إنشاء استفتاء لدراسة المشكلات، وتتكون من ٢٠ عبارة مختصة بتجربة التطبيقات. وتم الاجابة عن الاستمارة من قبل ٣٤ طالب مطبق، كما تم تحليل البيانات، ووفقا للتحليل. توصلت الدراسة إلى نتيجة أنّ الطلبة المطبقين يواجهون عدة مشكلات أثناء عملية التطبيقات، والتي تتمثل في قلة مدة التطبيق، واعتماد معلمي مدارس الأساسية على طرق التدريس القديمة والتقليدية، وعدم الوسائل التعليمية المناسبة واللازمة، وكثرة عدد الطلبة في الصف الدراسي، وقلة زيارات الخبير والمقيم التربوي وتهميش الجانب العملي في مادة اللغة الكوردية.

**الكلمات المفتاحيه:** التطبيقات، المطبق، التدريس، مشكلة التدريس، المقيم.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10462 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٥ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | karwan.raheem@charmouniversity.org |
| مافی چاپ و بلاوکردنەوە | ©٢٠٢٣کاروان جومعە ڕەحیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The paper attempts to identify the challenges faced by student-teachers of Kurdish Department- College of Basic Education- University of Sulaimani during their teaching practice. The study hypothesizes that student-teachers encounter some challenges throughout teaching practice. To investigate the challenges, a questionnaire is designed, which consists of 20 relevant items of the practicum process. The questionnaire is responded by 34 student-teachers. The data is analyzed; according to the analyzed data, the study reached a result that student-teachers face some challenges in the schools, which includes a shortage of practicum period, use of traditional methods by the school teachers, lack of teaching facilities, large classes, lack of evaluator's regular visiting and ignoring the practice side of Kurdish lesson.


## پێشەکی

بە هەمانشێوەی پیشەکانی تر، وانەوتنەوەیش پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونی پراکتیکی هەیە. پەیوەست بە چۆنێتی فێرکردن و فێربوونی قوتابیانەوە، لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا خوێندکاران پێویستیان بەوە هەیە، کە ئەو ئەزموونە بە پراکتیکی ببینن و ئەزموون و شارەزاییەکی تێدا پەیدابکەن. تەنیا بە شێوازی تیۆری و خوێندنی چوار ساڵی زانکۆ، ئەزموونی وانەوتنەوە و فێرکردنی قوتابیان بەدەستنایات، بەڵکو ئەم پرۆسەیە پێویستی بەجێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی هەیە، هەروەها پرۆسەکەش بەشێکە لە بنەماو مەرجە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی مامۆستا. لەمڕووەوە، پرۆسەی بەجێهێنان بووە بە بەشێك لە خوێندنی زانکۆیی و وەکو وانەیەك بەشێوازی تیۆری و پراکتیکی دەخوێندرێت، لەمبارەیەوە خوێندکاران بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ دەنێردرێن بۆ خوێندنگا بنەڕەتییەکان بەمەبەستی وتنەوەی وانەو وەرگرتنی ئەزموونی وانەوتنەوە بەشێوازێکی ڕاستەقینەیی. کەواتە پرۆسەی بەجێهێنان (پراکتیزەکردن) بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی پرۆگرامی پەروەردەو پێگەیاندنی مامۆستا دادەنرێت، توێژەران گرنگی پرۆسەکەیان لەوەدا خستۆتەڕوو، کە لەم پرۆسەیەدا ژینگەیەکی ئەزموونی ڕاستەقینەیی وانەوتنەوە بۆ خوێندکاری مامۆستا دەڕەخسێنرێت. هەروەها توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەم پرۆسەیە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئیشوکاری داهاتووی دەرچووان (Gan, 2013, p. 92).

بێگومان جێبەجێکردن گرنگی خۆی هەیە بۆ مامۆستای ڕاهێنەرو خوێندکاری مامۆستایش، بەپێی توێژینەوەیەك، کە کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ پەروەردەکردنی مامۆستا ئەنجامیداوە، بەجێهێنان ڕۆڵێکی گەورەی لە پێگەیاندنی خوێندکاری مامۆستا هەیە بۆ پرۆسەی فێرکردن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لە پۆلدا. ئاشکرایە، کە پراکتیزەکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەژێر تێڕوانینی زۆرێك لە لێکۆڵەران لە جیهاندا بەڕێوەدەچێت (Gur-soy, 2013, p. 420). بە واتایەکی تر، وانەوتنەوەی پراکتیکی بەشێکی سەرەکی ئامادەکاریی پیشەییە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی لایەنی تیۆری زانیارییەکان و ڕێگە جیاوازەکانی پەروەردەییەوە. ئەم پرۆسەیە بنیاتی کارامەیی و لێهاتوویی چالاك لای خوێندکاری مامۆستا دروست دەکات. هەروەها پرۆسەکە تەنیا ڕاهێنانێك نییە، بەڵکو جۆرێك لە ئەزموونی ڕاستەقینەیی ناو پۆلیشە، کە خوێندکاری مامۆستا بەڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردن بە سەرپەرشتی مامۆستای هەڵسەنگێنەر فێری دەبێت (امین، ٢٠١٠، ص، ٦١٠). لەم ڕوانگەیەوە، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، بەجێهێنان وەك بەشێك لە پرۆسەی ئامادەکردن و پێگەیاندنی مامۆستا بەپێی پێوەرو کوالێتی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەچێت، چونکە بەشێکی تەواوکەرو بنچینەیی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی مامۆستایە (Naz, Abida, Munir & Saddiqi, 2010).

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسێکی پەیوەست بە بەجێهێنانی خوێندکارانی بەشی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢، کە چاوەڕێ دەکرێت زۆرینەی بەشەکانی کوردی لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و پەروەردەی زانکۆکانی هەرێم سوود لە ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن. گرنگترین پرسیارەکانیش بریتیین لە:

١. ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خوێندکاری مامۆستا دەبنەوە چین؟
٢. ئایا ماوەی بەجێهێنانەکە گونجاوە بە پێی دیدی خوێندکاری مامۆستا؟
٣. خوێندکاری مامۆستا پێویستە چۆن لەگەڵ ئەم ئەزموونەدا خۆی بگونجێنێت؟
٤. ڕۆڵ و گرنگی بەجێهێنان چییە؟ بۆ ئیشوکاری داهاتووی خوێندکار.

## چەمکی بەجێهێنان (تطبیقات)و مەبەستەکانی

ڕاستییەکەی، هەر جۆرە کارو پیشەیەك پێویستی بە جۆرێك لە ئەزموون و شارەزایی و جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی هەیە. پەیوەست بە پرۆسەی وانەوتنەوەوەو لە کاتی خوێندنی زانکۆدا، دەرفەتێك بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنرێت بۆ پراکتیزەکردن. بە واتایەکی تر بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی فێرکردن و وانەوتنەوە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەرفەت بە خوێندکاری مامۆستا (مطبق) دەدرێت، بۆئەوەی وەکو مامۆستا بە شێوەیەکی پراکتیکی وانەبڵێتەوە، ئەم پرۆسەیەش بە بەجێهێنان (تطبیقات) ناودەبرێت. هەمیشە بە هاوکاری مامۆستایەکی بەئەزموونی خوێندگاکان پرۆسەکە جێبەجێدەکرێت و وانەکەی ئەو مامۆستایە دەوترێتەوە. مەبەستی سەرەکی وانەوتنەوە بەشێوەی پراکتیکی، وەرگرتنی شارەزایی و ئەزموونی فێرکردن و بەڕێوەبردنی پۆلە، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو زانیاریی و شارەزاییە تیۆرییانەی، کە خوێندکاری مامۆستا لەماوەی خوێندنی زانکۆدا خوێندوویەتی. کەواتە ئەم دەرفەتەش ڕێگەی بەدەستهێنانی بنەما سەرەکییەکانی کارامەیی فێرکردن و وانەوتنەوەیە. ئەزموونی پراکتیزەکردن ئەم چالاکیانە دەگرێتەوە: وانەی بچووککراوە (microteaching)، وتنەوەی وانەیەك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وتنەوەی وانە بۆ ماوەی وەرزێکی تەواو، کە لێرەدا خوێندکاری مامۆستا خۆی بەتەنیا پۆل بەڕێوەدەبات و کۆنترۆڵی دەکات (Richards & Schmidt, 2010, p. 589).

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، پرۆسەی فێرکردن بەم شێوەیە باسکراوە، فێرکردن تێکەڵەیەکە لە هونەر، شارەزایی و زانست، کە مامۆستا دەزانێت چی دەڵێتەوە؟ چۆنی دەڵێتەوە؟ هەروەها چی ڕێگایەك بەکاردەهێنێت بۆ وتنەوەی بابەتە تایبەتەکان؟ بۆ خوێندکارە تایبەتەکان. هەروەها پسپۆڕی بواری فێرکردن و وانەوتنەوە، جۆرێکە لە تێکەڵەی زانین و کارامەیی، کە لەم سەردەمەدا خوێندکاری مامۆستا دەبێت پەرە بەزانین و کارامەیی و خواستی وانەوتنەوەی خۆی بدات، بۆ ئەوەی خۆی ئامادەو پێبگەیەنێ بۆ وتنەوەی وانە بەشێوەیەکی کاریگەرو سەنجراکێش و سەردەمیانە (Tuli & File, 2010, p. 110).

پەیوەست بە ئەزموونکردنی وانەوتنەوەوە، دەتوانین بڵێین، کە بەجێهێنان یەکەم هەوڵی سەرەتایی ڕاستەقینەیی پرۆسەی وانەوتنەوەیە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا. بۆیە لە کاتی ئەزموونکردنی پرۆسەکەدا، خوێندکاری مامۆستا ڕووبەڕووی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبێتەوە، لەم قۆناغەدا هەندێك خوێندکار دەتوانن بەسەر ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەدا زاڵ بن، کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. هەروەها پرۆسەکەش جۆرێك لە سەرکێشی تێدایە بۆ خوێندکاری مامۆستا، چونکە یەکەم هەوڵ و ڕۆڵی ڕاستەقینەیی مامۆستاییە لە پۆلدا، دوای خوێندنی چوار ساڵ لە لایەنی زانستی و تیۆری پرۆسەی وانەوتنەوە (امین، ٢٠١٠، ص ٦٠٥).

لەمڕووەوە دەتوانین بڵێین، کە پرۆسەی بەجێهێنان بە بەشێکی سەرەکی پرۆگرامی کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی، بۆ پێگەیاندنی مامۆستای داهاتوو دادەنرێت، چونکە پرۆسەکە لایەنی پراکتیکی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە خوێندکار لە ماوەی چوار ساڵی زانکۆدا دەیانخوێنێت. هەروەها لێرەدا قۆناغی گواستنەوەی ژیانی خوێندکاریی بۆ مامۆستایی بەرجەستە دەبێت. واتا بەجێهێنان یەکەم ئەزموونی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستایە، کە سەرەڕای گرفت و بەربەستەکان، پرۆسەکە ئەزموونێکی پراکتیکی گرنگ و بایەخدارە. لەم ڕوانگەیەوە، لە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا، خوێندکار بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەهاوکاری کارگێڕی قوتابخانە، مامۆستای بابەتەکەو مامۆستای هەڵسەنگێنەر، شارەزایی و کارامەیی پیشەی مامۆستایی بەدەستدەهێنێت (العبودي، ٢٠١٥، ص ٢٥٨).

هەروەها لە پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە بەجێهێنان یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پەرەپێدان و پێگەیاندنی مامۆستا. لێرەدا ئەزموونی وانەوتنەوەو وانەنەوتنەوە تێکەڵ دەکرێت، هەروەها پێشنیازی ئەوەکراوە، کە ئەم ئەزموونانە بەشێوەیەکی کاریگەرو سوودبەخش ڕێکبخرێن، کە زانیاری و خودی وانەوتنەوەی تێدا یەکبخرێت. ئەم یەکخستنەش دەتوانرێت لە ڕێگەی پەرەپێدانی کوالێتی پرۆسەی بەجێهێنانەوە بکرێت، بۆیە لێرەوە بە ڕێگەیەك دەتوانرێت ئەو گرفتانەی، کە لە سەرەتای پرۆسەکەوە ئەزموون دەکرێن و دەبینرێن، لابرێن، ئەم پەرەپێدانەشە بەو شێوەیە دەبێت، کە لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی بەجێهێناندا، گرفتەکان بدۆزرێنەوەو دیاریبکرێن پاشان چارەسەربکرێن (Mutlu, ٢٠١٥ ,p. ٣٩). لەمبارەیەوە، هەندێك توێژینەوە ئاماژە بەوە دەدەن، کە پرۆسەی بەجێهێنان پردێکە، بۆشایی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی وانەوتنەوە بەیەك دەگەیەنێت، هەروەها ئەم پرۆسەیە چوارچێوەیەکیشە بۆ بە دەستهێنان و گەشەپێدانی توانای پەروەردەیی و کەسیی خوێندکاری مامۆستا (Al-Momani, 2016, p. 46).

پرۆسەی بەجێهێنان و پراکتیزەکردن بە یەکێك لە بنەماو مەرجە سەرەکییەکانی ئامادەکردن و پێگەیاندنی خوێندکاری مامۆستا دادەنرێت، لە بواری کارەکیشدا دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆرباشی ئامادەکاریی و پێگەیاندنی مامۆستای داهاتوو، هەروەها ڕێگەیەکی سەرەکیشە بۆ خوێندکاری مامۆستا تاکو شارەزایی و کارامەیی خۆی تێدا بەدەستبهێنێت و بەرپرسیارێتی تەواوی پرۆسەی وانەوتنەوە بگرێتەئەستۆ (التميمي و خميس، ٢٠٠٧، ص ١٨٤).

لە دیدی پسپۆڕانی پەروەردەییەوە، مەبەستی سەرەکیی پرۆسەی بەجێهێنان لەم ٣ بوارەدا دەردەکەوێت:

یەکەم: ئامادەکاری لە ڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە، کە لێرەدا خوێندکاری مامۆستا ئەو وانە زانستییانەی پسپۆڕییەکی خۆی، کە خوێندوویەتی، لە پرۆسەی بەجێهێناندا جێبەجێیان دەکات و بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەزموونی وتنەوەیان وەردەگرێت.

دووەم: ئامادەکاری لە ڕووی پیشەییەوە، لێرەشدا خوێندکاری مامۆستا لە بارەی خوێندنی بابەتە پەروەردەیی و دەروونییەکانەوە، ئەزموونی وانەوتنەوە بەدەستدەهێنێت، هەروەها بارودۆخ و هەڵسوکەوتی جیاوازی ڕۆژانە دەبینێت و فێری کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پۆل دەبێت.

سێیەم: ئامادەکاری لە ڕووی ڕۆشنبیری گشتییەوە، لەم بوارەدا خوێندکاری مامۆستا لەسەر بنەمای ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندییان بە ڕۆشنبیری گشتییەوە هەیە ئەزموون و کارامەیی وەردەگرێت، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئاشنابوون بە پرۆسەی وانەوتنەوە، هەروەها شارەزابوونی ئەو ژینگەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژێت و وانەی تێدا دەڵێتەوە (نجم، ٢٠٠٨، ص ٢٥٩).

لە ڕوانگەیەکی دیکەی پەروەردەییەوە، مەبەستەکانی پرۆسەی بەجێهێنان لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

١. بەجێهێنان، ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ خوێندکاری مامۆستا، بە مەبەستی ئەزموونکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی واقعی و ڕاستەقینە.

٢. بەجێهێنان، یارمەتیدەری خوێندکاری مامۆستایە، بۆ ئەوەی بزانێت، کە لەکاتی وانەوتنەوەدا چۆن بارودۆخە پەروەردەییە جیاوازەکان ببینێت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، کە ئەمەش هاندەرێکی سەرەکییە بۆئەوەی خوێندکاری مامۆستا تێکەڵی ژینگەی فێرکردن ببێت، بۆئەوەی هەموو بارودۆخە پەروەردەییەکان ببینێت و بزانێت چۆن بە شێوەیەکی کارەکی و ڕاستەقینەیی کاریان لەسەردەکات.

٣. بەجێهێنان، یارمەتی خوێندکاری مامۆستا دەدات لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆلیشدا، کە ئەمەش ئەزموونێکی کەسیی و ڕاستەقینەیە لە کاتی پرۆسەکەدا ئاشنایان دەبێت (الشبلي، ٢٠٠٧، ص ٣٧٣).

پسپۆڕانی بواری پەروەردە باوەڕییان وایە، کە جۆراوجۆری گرفتەکانی بەجێهێنان گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە لەسەر بنەمای گرفتەکان هەوڵدەدرێت ڕێگەی نوێی فێرکردن و وانەوتنەوە بدۆزرێتەوە. ئەم گرنگیدانەش بۆ ڕۆڵی ژینگەی پراکتیکی پرۆسەی وانەوتنەوە دەگەڕێتەوە، کە ژینگەی پراکتیکی وانەوتنەوەش بریتییە لە تێکەڵ بوون بە پرۆسەکە و پەیوەندیی و بوارە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەکە. کەواتە لێرەوە پرۆسەی وانەوتنەوە بە فەلسەفەو تواناو ئامانج و ڕێگەکانی بەدەستدەهێنرێت. هەمووکاتێك لە پرۆسەی پەروەردەدا کێشەوگرفتەکانی مامۆستا، ئەنجامی هەوڵ و ماندوبوونە پەروەردەییەکانیەتی لە ژینگەی وانەوتنەوەدا، هەروەها بە پێی ئەزموون و تواناو

شارەزاییە جیاوازەکان، چارەسەری گونجاویشیان بۆ دەدۆزرێتەوە (الزويني، ٢٠١٢، ص ٣٦٢).
سەبارەت بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆسەی بەجێهێنانیشەوە، دەتوانین بڵێین، کە سەرکەوتنی پرۆسەکە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی پیشەی مامۆستاییەوە، چونکە ئەم پیشەیە بەرپرسیارێتی زۆری تێدایە، هەروەها پرۆسەکە بنەماو بنچینەی سەرەکی خۆی هەیە، کە دەبێت ئەو بنەمایانە بگەن بەو ئاستەی خوێندکاری مامۆستا بەرپرسیارێتی پیشەی وانەوتنەوە بزانێت، پاشان بیانگرێتە ئەستۆو ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بە تەواوی و بە جوانی جێبەجێبکات (الزيدي، ٢٠١٦).

## پرۆسەی بەجێهێنان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی

### ا. بینین و ڕاهێنان

بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێندکاران بە ژینگەی خوێندنگاکان و وانەوتنەوە، لە پرۆگرامی خوێندنی بەشی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بینین و ڕاهێنان (بەجێهێنان) وەکو وانەیەکی سەربەخۆ لە کۆتا ساڵی خوێندنی زانکۆدا دانراوە. هەروەها لە سمستەری یەکەمی ئەو ساڵەدا خوێندکاران ئامادەدەکرێن بۆ ئەوەی سەردانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان بکەن و بە شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایان ئاشنا ببن و بە ڕاستەقینەیی ئەو ژینگەیە ببینن، پاشان لە سمستەری دووەمدا خوێندکاران خۆیان پرۆسەی بەجێهێنان و وانەوتنەوە ئەنجام دەدەن. واتا، لە کۆتا قۆناغی خوێندنیاندا، خوێندکاران سەردانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان دەکەن، بەمەبەستی بینین و تێبینیکردن و پاشان جێبەجێکردنی ئەو زانیارییە تیۆرییانەی، کە بەدەستیانهێناوە لە ماوەی خوێندنەکەیاندا.
کەواتە خوێندکاری مامۆستا لە ڕێگەی پرۆسەی بەجێهێنانەوە فێری پرۆسەی وانەوتنەوە دەبێت. بەبۆچوونی (Kumaravadivelu, 2006, p. 217) زۆربەی پرۆگرامەکانی پێگەیاندنی مامۆستا بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستای زانکۆوە بۆ خوێندکاری مامۆستا دانراوە، کە ئەمەش لە ڕێگەی پرۆسەی بەجێهێنانەوە ئەنجامدەدرێت، واتا خوێندکاری مامۆستاکان وانەدەڵێنەوە و هەڵسەنگێنەرەکانیش کە مامۆستاکانی زانکۆن، بە مەبەستی ئەوەی شێوازی وانەوتنەوەیان باش و سەرکەوتووبێت، وانەوتنەوەکەیان هەڵدەسەنگێنن. بۆیە هەمیشە هەڵسەنگێنەرەکان تێبینی و پێشنیازی پێویست بە خوێندکاری مامۆستاکان دەدەن لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی وانەوتنەوەکەیان (Abdulrahman, 2019, p. 14).

### ب. پراکتیزەکردنی وانەوتنەوە

هەر خوێندکارێکی زانکۆ لە کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتیی، پێویستە پرۆسەی بەجێهێنان (تطبيقات) لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان ببینێت و پراکتیزە بکات، کە مەرجێکی سەرەکییە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس. بۆیە پراکتیزەکردنی وانەوتنەوە، وانەیەکی سەرەکی و خورتییە لە پرۆگرامی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی. لەپاش خوێندنی چەندین وانەی وەکو ڕێزمان، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، ئەدەب، سایکۆلۆژی و ڕێگەکانی وانەوتنەوە، خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بە مەبەستی جێبەجێکردنی توانای وانەوتنەوەیان، سەردانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان دەکەن، بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ وانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە، کە بە هەمانشێوەی مامۆستایانی خوێندنگاکان، خوێندکاری مامۆستاکان بەرپرسیایەتییان دەدرێتێ، هەروەها پرسیاردادەنێن و تاقیکردنەوەکان ڕێکدەخەن.
واتا پراکتیزەکردنی وانەوتنەوە، بریتییە لە پرۆسەی وانەوتنەوە لەلایەن خوێندکاری مامۆستاوە لە خوێندنگایەکی بنەڕەتی پێش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، کە بە سەرپەرشتی مامۆستاکانی زانکۆ، مامۆستای وانەکەو بەڕێوەبەری خوێندنگاکەوە، وانە بە پۆلی ١ تاکو ٩ی بنەڕەتی دەڵێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەزموونی ڕاستەقینەیی وانەوتنەوەو بەڕێوەبردنی پۆل دەرفەتێکە، دەدرێت بە خوێندکاری مامۆستا بۆئەوەی شارەزایی و لێهاتووی پرۆسەی وانەوتنەوە وەربگرێت، بە مەبەستی ئەوەی بۆ ئیشوکاری داهاتووی خۆی سوودی لێوەربگرێت (Abdulrahman, 2019, p. 14).

## ڕێکارو شێوازی توێژینەوەکە

فۆرمی ڕاپرسیەکە، وەکو ئامرازی توێژینەوەکە و بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەلایەن ٣٤ خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ پڕکراوەتەوە. خوێندکارەکان ئەزموونی وانەوتنەوەی پێشتریان نەبوو، جگە لەو ٤٥ ڕۆژەی، کە بەجێهێنانیان کردووە، بۆ ئەو مەبەستە پێشبینی ئەوە کراوە، کە خۆیان بە باشی ئامادەبکەن بۆ وانەوتنەوە. لەمبارەیەوە بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو گرفتەکانەی، کە خوێندکاری مامۆستا لەکاتی پرۆسەی بەجێهێناندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، زانیارییە بەدەستهاتووەکان شیکراونەتەوە و ئەنجامەکانیان خراونەتەڕوو.

## ڕاستیی کەرەستەی توێژینەوەکە

هەر کەرەستەیەکی توێژینەوە پێویستە ڕاست و دروست بێت، مەبەست لە ڕاستی و دروستی کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، تا چەند کەرەستەکە بە دروستی دانراوە تا بتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت، کە لە پێناویدا دانراوە (بڕوانە: Abdulrahman, ٢٠١٢: ٥٠). سەبارەت بە ڕاپرسیی توێژینەوەکە، دوای ئامادەکردنی، بە مەبەستی ڕاستاندنی ڕاستگۆیی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە، فۆرمەکە درا بە ٤ مامۆستای پسپۆڕی لە زمانەوانیی کارەکیی و زمان و ئەدەبی کوردی تا ڕاوبۆچوون و سەرنجی خۆیان لەمەڕ ڕوونیی و شیاویی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە و گونجاوییان لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە بخەنەڕوو. هەڵسەنگێنەرانی ڕاپرسییەکە، پێشنیازی چاککردن و گۆڕینی هەندێک وشەیان کردو دواتر پاڵپشت بە کۆی دەنگی هەڵسەنگێنەران بڕگەکان جێگیرکران. ئەمەش بە واتای ئەوەی، کە کۆی سەرنج و تێبینی و تێڕوانین و پێشنیازەکانیان بەهەند وەرگیران و کاریان لەسەر کرا، ئەمەش بە مەبەستی دەوڵەمەندترکردنی بڕگە جیاوازەکانی ڕاپرسییەکە.

## جێگیریی کەرەستەی توێژینەوەکە

هەندێک لە توێژەران و نووسەرانی بواری زمانەوانیی کارەکیی و پەروەردە، بۆ نموونە (Horwitz ,2008 ,p. 189) و (Mackey and Gass, 2005, p. 128) لەو بڕوایەدان، هەر کەرەستەیەک بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داتا بەکاربهێنرێت، دەبێت جێگیر بێت بە شێوەیەک، کە هەمان ئەنجام یان ئەنجامێکی نزیک بدات بە دەستەوە، لە کاتێکدا لە دوو ڕێکەوتی جیاواز بەکاردەهێنرێت.

بۆ دۆزینەوەی جێگیریی و نەگۆڕیی کەرەستەی توێژینەوە، چەندین ڕێگاو شێوازی جیا هەن. لەم توێژینەوەیەدا، شێوازی نیوە دابەشکردن یان دابەشکردنی بەشەکی بەکارهاتووە، کە تێیدا کۆی بەشداربووانی توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو گرووپ کراون. بەهۆی بەربڵاویی و زۆربەکارهێنانی لە لایەن زۆرینەی توێژەرانی بواری زمانەوانیی کارەکیی و پەروەردەوە، توێژەر هاوکێشەی پێرسۆنی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی تێکڕای نمرەی هەردوو نیوە دابەشکراوەکەو ئەنجامی جێگیریی ڕاپرسییەکە بریتییە لە ٠،٧٤ کە ئەمەش بە ئەنجامێکی باش و پەسەندکراو ئەژماردەکرێت.

## شیکردنەوەی داتاکان و ئەنجامەکان

لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا، ئەم ئاڵەنگاریيانە بەدیکراون، کەمی ماوەی پراکتیزەکردن، بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی وانەوتنەوەی کۆن لەلایەن مامۆستایانی خوێندگاکانەوە، زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلدا، نەبوونی کەرەستەی پێویستی وانەوتنەوە، پشتگوێخستنی لایەنی پراکتیکی وانەی کوردی، گرفتی نووسین لای خوێندکاران، کەمیی ژمارەی سەردانیکردنی هەڵسەنگێنەر بۆ لای خوێندکاری مامۆستا. لەمبارەیەوە، ئەم گرفتانەی کە دیاریکران، پێویستیان بە هەڵویستە لەسەرکردن و چارەسەرکردن هەیە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی، کە خوێندکاری مامۆستا، زیاتر سوود لەو ئەزموونە نوێیە وەربگرێت و شارەزای زیاتری تێدا پەیدابکات، کە لە کۆتاییدا خودی خوێندکاری مامۆستاو پرۆسەی پەروەردەیش سوودمەند دەبن.

## ئاڵەنگارییەکانی فێرکردنی قوتابیان لە خوێندنگاکاندا

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی، کە وەرگیراون و شیکراونەتەوە، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن: برگەی١ وانەت بەچی پۆلێك دەوتەوە؟ بەشێوەیەکی گشتی خوێندکاری مامۆستا وانە بە پۆلی ١-٩ دەڵێتەوە، بەڵام بەگوێرەی وەڵامی بەشداربووانی توێژینەوەکە ٤٧،١ ٪ خوێندکاران ئاماژە بەوە دەدەن، کە وانەیان بە پۆلی ١-٣ وتۆتەوە، هەروەها ٥٢،٩ ٪ خوێندکاران وانەیان بە پۆلی ٤-٦ وتۆتەوە، بەڵام هیچ بەشداربوویەك وانەی بە پۆلەکانی ٧-٩ نەوتۆتەوە. بۆیە ئەوە بە پێویست دەزانرێت، کە بەشی کوردی بیر لە دابەشکردنی خوێندکاری مامۆستا بە سەر بازنە جیاوازەکانی قۆناغی بنەڕەتیدا بکاتەوە، تاکو تواناو ئەزموونی خوێندکاری مامۆستا لە قۆناغە جیاوازەکاندا پێشکەشبکرێت، کە بەشی کوردی دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە باشتر لە گرفتی خوێندکاری مامۆستا تێبگات. هەرچەندە پۆلی ٩ بنەڕەتیی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی هەیە، ئاساییە ئەگەر خوێندنگاکان وانەی کوردی پۆلی ٩ بە خوێندکاری مامۆستا نەدەن تاکو کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕێژەی دەرچوونی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی نەبێت.

سەبارەت بە برگەی دووەم، کە پەیوەستە بە ڕێگاو شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بنەڕەتی، ڕێژەی ٥٠٪ خوێندکاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ڕێژەی ٢٦،٥٪ پێیان وایە، کە بەڵێ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی ڕێگای وانەوتنەوەی کۆن بەکاردەهێنن، هەروەها ٢٣،٥٪ دەڵێن، کە دڵنیانین لە وەڵامەکانیان. کەواتە ئەم گرفتە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر خوێندکاری مامۆستا بەجێدەهێڵێت.

**خشتەی ١**

**برگەی پەیوەست بە ڕێگای وانەوتنەوە**

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٢ | مامۆستایانی زمانی کوردیی قۆناغی بنەڕەتیی، ڕێگای وانەوتنەوەی کۆن بەکاردەهێنن. | بەڵێ |

برگەی٣یش تایبەتە بە ماوەی پرۆسەی بەجێهێنان، کە ٤٥ ڕۆژە، ڕێژەی ٣٥،٣٪ خوێندکاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێین، کە ماوەکە باشەو کەم نییە، بەڵام ڕێژەی ٦٤،٧٪ خوێندکاران، کە ڕێژەیەکی زۆرە دەڵێن بەڵێ ماوەکە کەمەو پێویستی بەزیادکردن هەیە. بۆیە کەمی ماوەی پراکتیزەکردن یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی پرۆسەی بەجێهێنان و پێویستە بیر لە زیادکردنی ماوەکەی بکرێتەوە، بە ئامانجی سوودگەیاندنی زیاتر بە خوێندکاری مامۆستاو پرۆسەی پەروەردە.

**خشتەی ٢**

**برگەی پەیوەست بە ماوەی بەجێهێنان**

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٣ | ماوەی پراکتیزەکردن، کە ٤٥ ڕۆژە، کەمەو وا باشترە ماوەکە زیاتربکرێت. | بەڵێ |

زۆریی ژمارەی خوێندکاران لە پۆلێکدا برگەیەکی تری ڕاپرسییەکە و لەمڕووەوە ڕێژەی ٢٠،٦٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێن ژمارەی خوێندکاران زیاترە لە ٣٠ خوێندکار، لە هەمانکاتدا ڕێژەی ٧٣،٥٪ دەڵێن ژمارەی خوێندکاران کەمتر بوونە لە ٣٠ خوێندکار، هەروەها ٢،٩٪ ی خوێندکاری مامۆستایان دڵنیانین لە وەڵامەکانیان.

### خشتەی ٣

### بڕگەی پەیوەست بە ژمارەی خوێندکاران

| ژمارەی بڕگە | بڕگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٤ | ژمارەی خوێندکاران لە پۆلێکدا زیاترە لە ٣٠ خوێندکار. | بەڵێ |

هەروەها سەبارەت بە نووسینی پلانی ڕۆژانە، ڕێژەی ٧٩،٤٪ خوێندکاران کێشەیان نییە، بەڵام ڕێژەی ٥،٩٪ خوێندکاران دەڵێن گرفتمان هەیە لە نووسینی پلانی ڕۆژانەدا، هەروەها ڕێژەی ١٤،٧٪ دڵنیانین لەوەی کێشەی نووسینی پلانیان هەیە یان نا.

### خشتەی ٤

### بڕگەی پەیوەست بە نووسینی پلانی ڕۆژانە

| ژمارەی بڕگە | بڕگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٦ | لە نووسینی پلانی ڕۆژانەدا هیچ گرفتێکم نییەو دەتوانم بە دروستی بینووسم. | نەخێر |

هەرچی پەیوەستە بە توانستی دانانی پرسیاری کۆتایی وەرز، ڕێژەی ٥٠٪ خوێندکاران بە ئاسانی دەتوانن پرسیاری کۆتایی وەرز دابنێن، لە هەمانکاتدا ٥،٩٪ خوێندکاران دەڵێن، کە ناتوانن بە ئاسانی پرسیاری کۆتایی وەرز دابنێین و کێشەیان تێیدا هەیە، هەروەها ڕێژەی ٤٤،١٪ خوێندکاران دڵنیانین لە وەڵامەکانیان.

### خشتەی ٥

### بڕگەی پەیوەست بە دانانی پرسیاری کۆتایی وەرز

| ژمارەی بڕگە | بڕگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٨ | بەئاسانی دەتوانم پرسیاری کۆتایی وەرز دابنێم. | نەخێر |

گومانی تێدانییە، بوونی زانیاریی تەواو لەسەر چییەتی و چۆنییەتی بەجێهێنان دەستەبەری سەرکەوتنی خوێندکاری مامۆستا دەکات. سەبارەت بەم پرسە، ڕێژەی ٥٨،٨٪ خوێندکاران زانیاریی تەواویان هەیە دەربارەی چییەتی و چۆنیەتی پراکتیزەکردن، کە ئەمەش خاڵێکی باشە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانیی کاریان لەسەرکردووە. لە هەمانکاتدا ڕێژەی ٢،٩٪ خوێندکاران وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووەو دەڵێن، کە زانیاری تەواویان نییە لەسەر چییەتی و چۆنیەتی پراکتیزەکردن، هەروەها ڕێژەی ٣٨،٢٪ وەڵامی (دڵنیانین)یان هەڵبژاردووە.

خشتەی ٦

برگەی پەیوەست بە چۆنیەتی پراکتیزەکردن

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٩ | زانیاریی تەواوم هەیە لەسەرچییەتی و چۆنییەتی پراکتیزکردن. | نەخێر |

سەبارەت بە هەڵسوکەوت و رەفتارت بەڕێوەبەری خوێندنگا، برگەی ١٠ و ١١ تەرخانکراون بۆ ئەو مەبەستە. لە وەڵامی ئەوەی تاچەند بەڕێوەبەری قوتابخانە وەکو مامۆستایەکی قوتابخانەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خوێندکاری مامۆستا دەکات، ڕێژەی ٧٩،٤٪ خوێندکاران پێیان وایە، بەڵێ بەڕێوەبەر وەکو مامۆستایەکی خوێندنگا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردن، بەڵام ڕێژەی ٢٠،٦٪ خوێندکاران دەڵێن، نەخێر وەکو مامۆستایەکی ئاسایی قوتابخانە مامەڵەی لەگەڵ نەکردوون.

هەروەها برگەی١١ش تیشک دەخاتە سەر پەراوێزخستنی خوێندکاری مامۆستا لەلایەن بەڕێوەبەرەوە. بەپێی ئەنجامەکان بەدەستهاتووەکان هەرچەندە ڕێژەی ٥٥،٩٪ خوێندکاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێن پەراوێزنەخراون، بەڵام ڕێژەی ٢٣،٥٪ خوێندکاران پێیان وایە بەڵێ پەراوێزخراون لەلایەن بەڕێوەبەرەوە، هەروەها ڕێژەی ٢٠،٦٪ خوێندکاران دڵنیانین لەوەی کە پەراوێزخراون یان نا.

خشتەی ٧

برگەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبەری خوێندنگاوە

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ١٠ | بەڕێوەبەری قوتابخانە وەکو مامۆستایەکی قوتابخانەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردم. | نەخێر |
| ١١ | پێموایە خوێندکاری مامۆستا پەراوێزخراوە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە. | نەخێر |

برگەکانی ١٢، ١٣، ١٤، ١٥ و ١٦ پەیوەستن بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە، کە بە دڵی پرۆسەی بەجیهێنان ئەژماردەکرێت. برگەی١٢ تەرخانکراوە بۆ پرسیاری ئەوەی، کە ئایا بەڕێوەبەری خوێندنگە لە ڕێگەی پۆلەوە هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستا دەکات. بەگوێرەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، ڕێژەی ٧٠،٦٪ خوێندکاران دەڵێن، کە بەڕێوەبەری خوێندنگا لەڕێگەی پۆلەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کردوون، بەڵام ڕێژەی ١٤،٧٪ خوێندکاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێن لەو ڕێگەیەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە، هەروەها ڕێژەی ١٤،٧٪یش خوێدنکاران دڵنیانین لە شێوازی هەڵسەنگاندنەکەیان لەلایەن بەڕێوەبەرەوە.

برگەی١٣یش تایبەتە بە بنەماو بنچینەکانی هەڵسەنگاندن. ڕێژەی ٥٠٪ خوێندکاران پێیان وایە ئاگاداری بنەماو بنچینەکانی هەڵسەنگاندنن، بەڵام ڕێژەی ١٧،٦٪ یان دەڵێن نەخێر ئاگاداری بنەماو بنچینەکان نین، هەروەها ڕێژەی ٣٢،٤٪ خوێندکاران دڵنیانین لە وەڵامەکانیان.

پەیوەست بە شێوازی وانەوتنەوەیشەوە، لە برگەی ١٤دا، پرسیاری ئەوەکراوە ئایا هەڵسەنگێنەر فیدباکی پێویست بەشێوازی نووسین و قسەکردن بە خوێندکاری مامۆستا دەدات. ڕێژەی ٧٦،٥٪ خوێندکاران بە بەڵێ وەڵامەکانیان دیاریکردووە و دەڵێن، کە هەڵسەنگێنەر بەشێوازی نووسین و زارەکی فیدباکی پێویستی پێداون، لەهەمانکاتدا ڕێژەی ٨،٨٪ یان بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها ڕێژەی ١٤،٧٪ وەڵامەکان بە دڵنیانین وەڵامدراونەتەوە.

برگەی١٥یش پەیوەستە بە ژمارەی سەردانەکانی هەڵسەنگێنەرەوە. هەرچەندە ڕێژەی ٥٠٪ خوێندکاران دەڵێن هەڵسەنگێنەر چەند


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

جارێك سەردانی كردوون، بەڵام ڕێژەی ٤١،٢٪ یان دەڵێن هەڵسەنگێنەر تەنیا یەكجار سەردانی كردوون، كە ئەمەش گرفتێكی سەرەكییەو خوێندكاری مامۆستا، بە تەنیا یەك سەردانی هەڵسەنگێنەر فیدباكی پێویستی پێنادرێت. هەروەها ڕێژەی ٨،٨٪ دڵنیانین لە وەڵامەكانیان. لە برگەی١٦یشدا تیشك خراوەتە سەر ئەوەی، كە ئایا هەڵسەنگێنەر بۆ ماوەی وانەیەكی تەواو دەمێنێتەوە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنەكە. ڕێژەی ٧٣،٥٪ خوێندكاران دەڵێن بەڵێ هەڵسەنگێنەر بۆ ماوەی وانەیەكی تەواو دەمێنێتەوە، بەڵام ڕێژەی ١٧،٦٪ خوێندكاران دەڵێن نەخێر هەڵسەنگێنەر بۆ ماوەی وانەیەكی تەواو نامێنێتەوە، هەروەها ڕێژەی ٨،٨٪ دڵنیانین لە وەڵامەكانیان.

**خشتەی ٨**

**برگەكانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندن و هەڵسەنگێنەرەوە**

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ١٢ | بەڕێوەبەری خوێندنگە لە ڕێگەی پۆلەوە هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی وانەوتنەوەی خوێندكاری مامۆستا دەكات. | بەڵێ |
| ١٣ | من ئاگاداری بنەماو بنچینەكانی هەڵسەنگاندنم. | نەخێر |
| ١٤ | سەبارەت بە شێوازی وانەوتنەوە، هەڵسەنگێنەر فیدباكی پێویست بەشێوازی نووسین و قسەكردن بە خوێندكاری مامۆستا دەدات. | نەخێر |
| ١٥ | هەڵسەنگێنەر چەندجارێك سەردانی خوێندكاری مامۆستا دەكات. | بەڵێ |
| ١٦ | هەڵسەنگێنەر بۆ ماوەی وانەیەكی تەواو دەمێنێتەوە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنەكە. | نەخێر |

سەبارەت بە برگەی١٧ قوتابخانە كەرەسەتەكانی فێركردن (داتاشۆ، هتد) دابین دەكات  بۆ خوێندكاری مامۆستا. بەپێی وەڵامی خوێندكاری مامۆستاكان ڕێژەی ٥٢،٩٪یان پێیان وایە نەخێر، كەرەستەكانی فێركردن دابین ناكرێت، هەروەها ڕێژەی ٣٥،٣٪ خوێندكاران وەڵامەكەیان بەڵێیەو دەڵێن، كە كەرەستەكانی فێركردن دابین دەكرێت، لە كاتێكدا ڕێژەی ١١،٨٪ خوێندكاران دڵنیانین لە وەڵامەكانین.

**خشتەی ٩**

**برگەكانی پەیوەست بە دابینكردنی كەرەستەو هۆیەكانی فێركردنەوە**

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ١٧ | قوتابخانە كەرەسەتەكانی فێركردن (داتاشۆ، هتد) دابین دەكات  بۆ خوێندكاری مامۆستا. | بەڵێ |

برگەی٧ و ١٨ و ١٩. پەیوەستن بە كاریگەری خوێندنی زانكۆ لەسەر وتنەوەی وانە لە ماوەی پرۆسەی بەجێهێناندا. برگەی٧ ئاماژە بەوە دەدات، كە توانای ڕوونكردنەوەو ڕاڤەكردنی گشت بابەتەكانی ناو كتێبی پرۆگرامی خوێندنم هەیە، چونكە دەزانم كتێبەكە باس لە چی دەكات و پێشتر بینیومە. ڕێژەی ٧٠،٦٪ خوێندكاران وەڵامی بەڵێیان هەڵبژاردووەو دەڵێن توانای ڕاڤەكردن و شیكردنەوەی كتێبی خوێندنیان هەیە، لەكاتێكدا ڕێژەی ٥،٩٪ خوێندكاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێن، كە توانای ڕوونكرنەوە و ڕاڤەكردنی بابەتەكانی خوێندیان نییە، هەروەها ڕێژەی ٢٣،٥٪ خوێندكاران دڵنیانین لە وەڵامەكانیان.

هەروەها برگەی ١٨ باس لەوە دەکات، کە لە یەکێك لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیمدا ئاشنایەتی تەواوەتیم پەیداکردووە دەربارەی پرۆگرامی وانەی کوردی. رێژەی ٧٩،٤٪ خوێندکاران بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام تەنیا رێژەی ٥،٩٪ وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووەو دەڵێن ئاشنایەتی تەواومان نییە دەربارەی پرۆگرامی خوێندن، هەروەها رێژەی ١٤،٧٪ وەڵامی (دڵنیانین)یان دیاریکردووە.

لە برگەی١٩یشدا تیشك خراوەتە سەرئەوەی، کە خوێندنی چوارساڵی زانکۆم بەجۆرێك بووە، کە یارمەتی زۆری داوم وانەکە بە جوانی بڵێمەوە لەکاتی بەجێهێناندا. زۆرینەی خوێندکاران، کە رێژەی ٦٤،٧٪ پێکدێنێت، بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێن، کە خوێندنی زانکۆ یارمەتیدەرێکی باشی پرۆسەی وانەوتنەوەکەیان بووە، بەڵام رێژەی ٢٠،٦٪ خوێندکاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوەو دەڵێن خوێندنی زانکۆ یارمەتی نەداون، هەروەها رێژەی ١٤،٧٪ خوێندکاران دڵنیانین لەوەی، کە خوێندنی زانکۆیان یارمەتی داون یاخود نا.

**خشتەی ١٠**

**برگەکانی پەیوەست بەکاریگەری خوێندنی زانکۆ لەسەر وانەوتنەوە**

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ١٧ | بەڕێوەبەری خوێندنگە لە رێگەی پۆلەوە هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستا دەکات. | نەخێر |
| ١٨ | من ئاگاداری بنەماو بنچینەکانی هەڵسەنگاندنم. | نەخێر |
| ١٩ | سەبارەت بە شێوازی وانەوتنەوە، هەڵسەنگێنەر فیدباکی پێویست بەشێوازی نووسین و قسەکردن بە خوێندکاری مامۆستا دەدات. | نەخێر |

برگەی ٥ و ٢٠ پەیوەندیان بە ئاستی خوێندکاران و لایەنی پراکتیکی وانەکەوە هەیە. برگەی٥، کە تایبەتە ئاستی نووسینی خوێندکارانی بنەڕەتی و بەپێی وەڵامی ڕاپرسییەکە، رێژەی ٥٢،٩٪ خوێندکاران، کە نیوە زیاترە دەڵێن بەڵێ ئاستی نووسینی خوێندکاران باش نییە، لە هەمانکاتدا رێژەی ٣٨،٢٪ خوێندکاران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، دەڵێن کە ئاستیان باشە، هەروەها رێژەی ٨،٨٪ خوێندکاران دڵنیانین لە وەڵامەکانیان، کەواتە زۆرینەی بەشداربووان باوەڕییان وایە، کە ئاستی نووسینی خوێندکارانی بنەڕەتی باش نییە، کە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

هەرچی برگەی٢٠ ی ڕاپرسییەکەیە، لایەک لە لایەنی پراکتیکی وانەکە دەکاتەوە و ڕادەی پشتگوێخستنی ئەم لایەنە گرنگەی وانەوتنەوە دەخاتەڕوو. رێژەی ٤٧،١٪ خوێندکاران پێیان وایە بەڵێ لایەنی پراکتیکی وانەکە پشتگوێخراوە، لەکاتێکدا رێژەی ٣٢،٤٪ خوێندکاران دەڵێن نەخێر لایەنی پراکتیکی پشتگوێنەخراوە، هەروەها رێژەی ٢٠،٦٪ خوێندکاران دڵنیانین لە وەڵامەکانیان.

خشتەی ١١

برگەکانی پەیوەست بە ئاستی خوێندکاران و لایەنی پراکتیکی وانەکەوە هەیە

| ژمارەی برگە | برگە | گرفتە |
|---|---|---|
| ٥ | ئاستی نووسینی خوێندکارانی بنەڕەتی باش نییە. | بەڵێ |
| ٢٠ | لایەنی پراکتیکی وانەکە پشتگوێخراوەو گرنگی پێنادرێت. | بەڵێ |

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم پێشنیازانەی لا گەڵالە بووە و دەیەوێت وەکو خاڵی چارەسەر بیانخاتەڕوو:

١. زیادکردنی ماوەی پرۆسەی بەجێهێنان لە ٤٥ ڕۆژەوە بۆ ماوەی سمستەرێکی تەواو، تا خوێندکاری مامۆستا زیاتر بەهرەمەندبێت لە پرۆسەکەو سوودی زیاتری لێببینێت.

٢. مامۆستایانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان گرنگی بەلایەنی پراکتیکی وانەی کوردی بدەن، بەشێوەیەك، کە وا لە خوێندکار بکەن بە قوڵی بیربکاتەوە و بە وردی بنووسێت، هەروەها لە ناو پۆلدا ڕاهێنانی زیاتریان پێبکرێت.

٣. کردنەوەی خولی پەرەپێدان بۆ مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی، بە مەبەستی ئاشناکردنی زیاترو پەرەپێدانی تواناکانیان لە ڕووی وتنەوەی وانە بە ڕێگاو شێوازی نوێ و سەردەمییانە.

٤. مامۆستای هەڵسەنگێنەر چەند جارێك یاخود بەلایەنی کەمەوە ٢ جار سەردانی خوێندکاری مامۆستا بکات و فیدباکی پێویستی دەربارەی چۆنێتی سەرکەوتن و خۆگونجاندن لەگەڵ پرۆسەی وانەوتنەوە و بەجێهێناندا پێبدات.

٥. دابەشکردنی خوێندکاری مامۆستا بەسەر بازنە جیاوازەکاندا، واتە لە زانکۆدا خوێندکاران دابەشبکرێن بەسەر بازنەو پۆلە جیاوازەکاندا، بە مەبەستی دیاریکردنی گرفتەکان بە پێی بازنەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

٦. پێشوەختە بە شێوەی تیۆری گرفتە سەرەکییەکانی وانەوتنەوە بخرێتە بەرچاوی خوێندکاران و لە هەمانکاتدا چارەسەری پێویستیشیان بۆ دیاریبکرێت، بۆئەوەی ئاشنایەتی زیاتریان هەبێت لەسەر ئەو کێشەوگرفتانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

## سەرچاوەکان

### ١. بە زمانی عەرەبی


امين، فردوس. (٢٠١٠)، المشكلات التي تواجه مطبقى قسم اللغة الكردية ومطبقاته في كلية التربية- ابن رشد، مجلة كلية الاداب. ٩٢: ٦٠٤-٦٣٧.

التميمى، هناء و خميس، ماجد. (٢٠٠٧). دراسة تحليلة للمعوقات التى تواجه الطلبة في التطبيق العلمي، مجلة علوم الرياضة. ١: ٢٠٥-١٨١.

الزويني، ابتسام. (٢٠١٢). المشكلات التي تواجه طلبة قسم اللغة العربية/كلية التربية الأساسية/جامعة بابل في مقرر طرائق تدريس اللغة العربية من وجهة نظرهم (الأسباب– مقترحات للعلاج)، مجلة كلية التربية الأساسية\ جامعة بابل. ٦: ٣٧٢-٣٦٢.

الزيدي، عدى. (٢٠١٦). تقويم برنامج التربية العملية في كلية التربية الاساسية جامعة بابل من وجهة نظر الطلبة\ المعلمين، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم والانسانية\ جامعة بابل. ٢٦: ٧٦٩-٧٤٩.

الشبلي، نسرين. (٢٠٠٧). التربية العملية فى العراق وبعض الدول العربية- دراسة مقارنة، مجلة كلية التربية، الجامعة المستنصرية. ٢: ٣٨٤-٣٧٠.

العبودى، على. (٢٠١٥). صعوبات التطبيق المدرسى (التربية العملية) التي تواجه الطالبات المطبقات فط كلية التربية للبنات\ جامعة الكوفة، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية. ١٧: ٢٨٢-٢٥٥.

نجم، وفاء. (٢٠٠٨). المشكلات التي تواجه الطالبات المطبقات في قسم علوم الحاسبات في كلية التربية للبنات في جامعة بغداد وإتجاهاتهن نحو مهنة التدريس، مجلة البحوث التربوية والنفسية. ١٨: ٢٨٥-٢٥٥.

### ٢. به زمانى ئينگليزى

Abdulrahman, B. (2019). Kurdish EFL Students Teachers' Practicum Experience: Some Basic Challenges, Journal of University of Human Development. 5(2): 13-19.

Abdulrahman, B. (2012). Effects and implications of pragmatic competence for enhancing EFL university students' written performance. Milton Keynes, England: Author House.

Al-Momani, F. (2016). Challenges of Practicum at College of Education: Supervisors & Students' Teachers Perspective, International Journal of Novel Research in Humanity and Social Sciences. 3(3): 45-52.

Gan, Z. (2013). Learning to Teach English Language in the Practicum: What Challenges do Non-Native ESL Student Teachers Face? Australian Journal of Teacher Education, 38(3): 91-108.

Gursoy, E. (2013). Improving Practicum for a better teacher training, Procedia Social and Behavioural Sciences. 93: 420-425.

Hamasaid, H. & Saheb, B. (2020). Challenges Experienced by Kurdish EFL Student-teachers during their Teaching Practicum, HUJ. 5(4): 71-81.

Horwitz, E. (2008). Becoming a Language Teacher: a Practical Guide to Second Language Learning and Teaching. Boston: Pearson Education, Inc.

Kumaravadivelu, B. (2006). Understanding Language Teaching, From Method to Postmethod, New Jersey, Lawrence Erlbaum Associates. LEA.

Mackey, A. & Gass, S. (2005). Second Language Research: Methodology and Design. New Jersey: Lawrence Erlbaum Associates, Inc.

Mutlu, G. (2015). Challenges in Practicum: Two Sides of the Coin. International Journal of Learning and Teaching. 7(1): 38-48.

Naz, F., Abida, K., Munir, F. & Saddiqi, A. (2010). Practicum: A Need in Teacher Education, The International Journal of Leaning. 17(8): 443-460.

Richards, J. & Schmidt, R. (2010). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Pearson Educational Limited, London.

Tuli, F. & File, G. (2010). Practicum Experience in Teaching Education, Ethiopian Journal of Education and Sciences. 5(1): 107-116.

پاشكۆ

فۆرمی ڕاپرسیی خوێندكاری مامۆستا (مطبق)

خوێندكاری مامۆستای بەڕێز...

ئەم فۆرمە بە مەبەستی توێژینەوە لەو گیروگرفتانەی، كە بەڕێزتان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە كاتی بەجێهێنان (تطبيقات)دا دانراوە، بۆیە تكایە بە وردیی بڕگەكان بخوێنەرەوەو تەنیا یەك وەڵام هەڵبژێرە. وەڵامەكانتان تەنیا بۆ مەبەستی توێژینەوە بەكاردەهێنرێن.

سوپاس بۆ هاوكاریتان.

| ژ. | بڕگە | بەڵێ | دڵنیانیم | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | وانەت بە چی پۆلێك دەوتەوە؟ | ١-٣ | ٤-٦ | ٧-٩ |
| ٢ | مامۆستایانی زمانی كوردیی قۆناغی بنەڕەتی، ڕێگای وانەوتنەوەی كۆن بەكاردەهێنن. | | | |
| ٣ | ماوەی پراكتیزەكردن، كە ٤٥ ڕۆژە، كەمەو واباشترە ماوەكە زیاتربكرێت. | | | |
| ٤ | ژمارەی خوێندكاران لە پۆلێكدا زیاترە لە ٣٠ خوێندكار. | | | |
| ٥ | ئاستی نووسینی خوێندكارانی بنەڕەتی باش نییە. | | | |
| ٦ | لە نووسینی پلانی ڕۆژانەدا هیچ گرفتێكم نییەو دەتوانم بە دروستی بینووسم. | | | |
| ٧ | توانای ڕوونكردنەوەو ڕاڤەكردنی گشت بابەتەكانی ناو كتێبی پرۆگرامی خوێندنم هەیە، چونكە دەزانم كتێبەكە باس لە چی دەكات و پێشتر بینیوومە. | | | |
| ٨ | بە ئاسانی دەتوانم پرسیاری كۆتایی وەرز دابنێم. | | | |
| ٩ | زانیاریی تەواوم هەیە لەسەرچییەتی و چۆنییەتی پراكتیزكردن. | | | |
| ١٠ | بەڕێوەبەری قوتابخانە وەكو مامۆستایەكی قوتابخانەكە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكردم. | | | |
| ١١ | پێموایە خوێندكاری مامۆستا پەراوێزخراوە لە لایەن بەڕێوەبەرەوە. | | | |
| ١٢ | بەڕێوەبەری خوێندنگە لە ڕێگەی پۆلەوە هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی وانەوتنەوەی خوێندكاری مامۆستا دەكات. | | | |

| ژ. | برگە | بەڵێ | دڵنیانیم | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | من ئاگاداری بنەماو بنچینەکانی هەڵسەنگاندنم. | | | |
| ١٤ | سەبارەت بە شێوازی وانەوتنەوە، هەڵسەنگێنەر فیدباکی پێویست بەشێوازی نووسین و قسەکردن بە خوێندکاری مامۆستا دەدات. | | | |
| ١٥ | هەڵسەنگێنەر چەند جارێك سەردانی خوێندکاری مامۆستا دەکات. | | | |
| ١٦ | هەڵسەنگێنەر بۆ ماوەی وانەیەکی تەواو دەمێنێتەوە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکە. | | | |
| ١٧ | قوتابخانە کەرەسەتەکانی فێرکردن (داتاشۆ، هتد) دابین دەکات بۆ خوێندکاری مامۆستا. | | | |
| ١٨ | لە یەکێك لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیمدا ئاشنایەتی تەواوەتیم پەیداکردووە دەربارەی پرۆگرامی وانەی کوردی. | | | |
| ١٩ | خوێندنی چوارساڵی زانکۆم بە جۆرێك بووە، کە یارمەتی زۆری داوم وانەکە بەجوانی بڵێمەوە لەکاتی بەجێهێناندا. | | | |
| ٢٠ | لایەنی پراکتیکی وانەکە پشتگوێخراوەو گرنگی پێنادرێت. | | | |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360